## حیکایەتی گۆرانی چۆلەکە

..... دکتۆر محمد عزیز سعید دایڕشتۆتەوە

هەبوو نەبوو..... چۆلەکەیەك هەبوو. ڕۆژێ، چینەی دەکرد دڕکێکی لە پێ چەقی. زۆر لە بەری بە ئازار بوو. گەڕا یەکێك بدۆزێتەوە دڕکەکەی بۆ دەر بهێنێ. دیتی ژنێك لە بەر نانی بوو، نانی دەکرد، چووە لایەوە و گووتی:

کابانی ماڵێ ، دڕکێکم لە پێ ڕاچووە، بۆم دەربێنە!

ژنەکە دڕکەکەی بۆ دەرهێنا. چۆلەکەکە گووتی:

با دڕکەکەت لە لابێ. دەچم ئاوێك دەخۆمەوە و دێمەوە.

تا چۆلەکەکە چوو ئاوی خواردەوە و هاتەوە، ژنەی نانکەر دڕکەکەی لەبەر ئاگر ڕاکرد و سووتاندی . چۆلەکەکە گووتی:

یان دڕکی خۆم دەوێتەوە، یان نووردییە نانێکم دەوێ!

ژنە نووردییە نانێکی دایە چۆلەکەکە.چۆلەکەکە نانەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. گەیشتە شوانێك مەڕی بۆ لەوەڕ بەرهەڵدابوو خۆشی لەسەر بەردێك دانیشتبوو شمشاڵی لێ دەدا. چۆلەکەکە پێ ی گووت:

- هۆ شوانەکە! هۆکاکەی شمشاڵژەن! ئەم نووردیینە نانەت لابێ تا دەچم ئاوێك دەخۆمەوە و دێمەوە.

شوانەکە گووتی:

- باشە.

چۆلەکەکە ڕۆیشت بەڵام تا هاتەوە شوانەکە هەموو نانەکەی خواردبوو.

چۆلەکەکە بە شوانەکەی گووت:

- یان نانی خۆم دەوێتەوە، یان مەڕێکم دەوێ.

شوانەکە ناچار بوو مەڕێکی دایێ. چۆلەکەکە مەڕەکەی وەرگرت و ڕۆیشت. گەیشتە گووندێك دیتی شایی و زەماوەندە، بووکیان دەگواستەوە. خەریك بوون سەگێکیان سەردەبڕی بۆ میوانداری زەماوەندەکەیان.

چۆلەکەکە چوو گووتی:

- سەگ گلاوە و گۆشتی حەرامە! ئێوە چۆن سەری سەگ دەبڕن؟ لە باتی ئەو سەگە، ها، ئەم مەڕەتان بدەمێ سەری ببڕن و لێی بنێن بەڵام تا دەچم ئاوێك دەخۆمەوە و دێمەوە، هەمووی تەواو نەکەن، بەشی من بێڵن.
- چۆلەکەکە چوو ئاو بخواتەوە و تا هاتەوە بەشی نەمابوو.
- گووتی:
- - یان مەڕی خۆم دەوێتەوە، یان بووکم دەوێ!
- مەڕیان خواردبوو، ناچاربوون بووکیان دایێ. چۆلەکەکە بووکی وەرگرت و بردی و ڕۆیشت. گەیشتە گۆرانیبێژێك گۆرانی دەگووت و شمشاڵی لێ دەدا. چۆلەکەکە گووتی:
- - هۆ گۆرانبیژ، هۆ! بۆنایەی مامەلەیەك بکەین.
- گۆرانبێژەکە گووتی:

- - مامەلەی چی؟

چۆلەکەکە گووتی:

- من ئەم بووکەت دەدەمێ، تۆ ئاوازو گۆرانی خۆتم بدەرێ.

گۆرانبێژەکە گووتی:

- زۆرباشە

بەم جۆرە چۆلەکەکە بووکەکەی دایە گۆرانبێژەکە و ئاوازەکەی لێ وەرگرت و لە شەقەی باڵی داو فڕی.

لەو ڕۆژەوە چۆلەکە فێری ئاواز و گۆرانی بوو، تا ئێستاش ئەو ئاوازو گۆرانیە دەیچڕێ.

هەر لەو ڕۆژەوە گۆرانبێژ و بووکەکە هاوسەرگیریان بەست و ژیانێکی خۆش و پڕ گووزەران بەسەر دەبەن.